


# خوێندنی کوردی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەژێر مەترسیی لەناوچووندایە

خوێندنی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس لە کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەستییێکرد، پێش ئەوە وادەیە قەدەغە بوو، لەو کاتەوە هەشت هەزار مامۆستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی کوردی لە کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم مووچەیان پێ دەدرێت. لە کەرکووك هەر چوار پێکهاتەی کورد، عەرەب، تورکمان و کریستیان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و لە پەروەردە یەکەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. بەپێی ئامارێکی خوێندنی کوردی ساڵی پار لە کەرکووك (٩٠٠٠) منداڵ لە خوێندنی کوردی بۆ ساڵی نوێی خوێندن تۆمار کران، لەکاتێکدا ساڵی پێشووتر لەهەمان کات (١٢٠٠٠) منداڵ تۆمار کرابوون. پێش رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەشت قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لەگەڵ ٣٨ قوتابخانەی سەرەتایی کوردی لە خورماتوو هەبوون، کە ٢٣ هەزار قوتابی سەرەتایی و چوار هەزار و ٦٠٠ قوتابی ناوەندی و ئامادەیی تیایاندا خوێندوویانە، بەڵام لەئێستادا ژمارەیەکی زۆریان داخراون و خەریکە خوێندنی کوردی لەناودەچێت.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕزگار سەعدوڵا کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زانکۆ . کەرکووک، بە گوڵانی ڕاگەیاند: «خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووک لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لە دەست ڕژێمی بەعس تا ڕاددەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، هەرچی ساڵانی پێش ڕووداوەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرە خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان پێشکەوتنێکی زۆر باشی بە خۆیەوە بینیبوو، لە ڕووی خوێندن و ئاستی زانستی و داهێنانەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دۆخی قوتابیانی کورد و خوێندنی کوردی تا دێت بەرەو خەراپتر دەڕوات و مافی مامۆستا و قوتابیانی کورد پێشێل دەکرێت، بەتایبەتی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووک، بە جۆرێك لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ئەمساڵ لە کۆلێژەکانی زانکۆی کەرکووک ڕێگری لە قوتابیانی خوێندنی کوردی کرا، کە وەڵامی تاقیکردنەوەکان بە زمانی کوردی بدەنەوە، کە مامۆستایانی عەرەب و تورکمان بە ئاشکرا بە مامۆستا و قوتابییە کوردەکانیان دەوت، بۆتان نییە بە کوردی وەڵام بدەنەوە و زمانی کوردی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە، هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە خوێندنی کوردی لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە یەکجاری نەمێنێت و هەڵبوەشێندرێتەوە، کە ئەمەش بە هەزاران قوتابی لە خوێندن بێبەش دەکات.»

گوتیشی: «ساڵانی پێش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر زمانی کوردی و عەرەبی لە زانکۆ و پەیمانگەکان، هەر دووکیان زمانی فەرمی بوون.» جەختی لەوەش کردەوە کە «دۆخی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان باشترە، بە هۆی ئەوەی کە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان کوردن، بەڵام هەر پێشێلکردنی مافی خوێندنی کوردی هەیە، بە جۆرێك لە کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی کۆتایی ئەمساڵ لە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستی کە سەرجەم تاقیکردنەوەکان بە شێوەی وەزاری لە بەغداوە پرسیارەکان ڕەوانەی کەرکووک دەکرێن، لە هەردوو مادەی (کیمیا و فیزیا) کە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم دوو مادەیە پێویستی بە بژمێر (الحاسبة) هەیە بە گوێرەی سیستەمی خوێندنی کوردی، بەڵام بەداخەوە بەکارهێنانی بژمێر (حاسبة) لە کاتی تاقیکردنەوەکانی (کیمیا و فیزیا) لە خولی یەکەمی تاقیکردنەوەکانی وەزاری (٢٠١٨-٢٠١٩) بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کرا، کە ئەمەش کاریگەری زۆر خەراپی هەبوو لە سەر کەمیی نمرە و ڕێژەی دەرچوونی هەزاران قوتابی کورد لەو دوو بابەتە. ئەمانە و دەیان باری خەراپتر و گوشارەکان وای کردووە خانەوادە کوردەکان منداڵەکانیان بخەنەبەر خوێندنی عەرەبی و لە خوێندنی کوردی دووریان بخەنەوە، ئەمەش لە ئایندەدا کاریگەری نەرێنی و خەراپی لەسەر خوێندنی کوردی دەبێت.»

هۆشەنگ سابیر، مامۆستای خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووک، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دۆخی خوێندنی کوردی لە کەرکووک وەك دۆخی شارەکە هەستیارە لەنێوان بەغدا و هەرێم و هەروەها لەنێوان سیستەم و پرۆگرامی هەرێم و شێوازی ئیدارە و تاقیکردنەوەو و شێوازی وەرگیران لە زانکۆکان و.. هتد. لە ئێستادا خوێندنی کوردی لە بەردەم فشارێکی زۆری حکومەتی مەرکەزییە، وەکو (هاوکارینەکردن بە هەمان شێوەی خوێندنی عەرەبی و تورکمانی، هەوڵدان بۆ بچووکردنەوە و بێ هیواکردنی خەڵك لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە کوردییەکان و دانەمەزراندنی مامۆستا بۆ خوێندنی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە لە تاقیکردنەوە و ئەنجام و ڕێژەی دەرچوون، خوێندنی کوردی هەر پێشەنگ بووە، چونکە خاوەنی کۆمەڵێك مامۆستا و فەرمانبەری دڵسۆزە کە سەرباری هەموو ئاستەنگەکان نەیانهێشت منداڵانی کورد بێبەش بن لە خوێندن بەزمانی دایك.» گوتیشی: «کێشە و بەربەستەکانی بەردەم خوێندنی کوردی زۆرن، وەك نەبوونی میلاك و پسپۆڕی پێویست و کەمی و خراپی بینای قوتابخانەکان و کەمبوونی پەرتووکی پێویست و دواجار کێشەی زمان لە زانکۆ .. هتد، کە پێویستیان بە پاڵپشتیی بەهێزی وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێم هەیە، بۆ بەردەوامبوون لە پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی میلاکات و دەستنیشانکردنی ڕێژەیەکی دیار لە دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردە بۆ کەرکووك و دابینکردنی پەرتوك و پێداویستییەکانی خوێندن و چاودێریکردنی بەردەوام و نزیکی پرۆسەکە لە لایەن وەزارەت و دڵسۆزانی خوێندنی کوردی لەم شارە.»

ژاڵە کاکەیی چالانی کۆمەڵگەی مەدەنی و قوتابیی زانکۆیە لە شاری کەرکووك و یەکێکە لەو هەزاران قوتابییەی کە دۆخی خوێندنی کوردی لە شارەکە نیگەرانی کردووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دۆخی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە خەراپبوونە بە هۆی پێشێلکردنی مافی خوێندنی کوردی و دۆخی داگیرکاری شاری کەرکووك، تا دێت ڕەوشی خوێندنی کوردی بە بارێکی ئێجگار دژوار تێپەڕ دەبێت، بەتایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکووك، بە نموونە لە (داقوق و دووبز)، ئەگەر قوتابخانەکانی ناوەند و گوندەکانی ئەو دوو قەزایە بەراورد بکەین بە پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەوا بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٪ گۆڕانکاریی نەرێنی بە خۆیەوە بینیوە، چەندین قوتابخانەی کوردی داخراون، بەشێکیان بە زۆرەملێ و بەشێکیان بە هۆی نەبوونی قوتابیی خوێندنی کوردی، هەروەها خێزانە کوردەکان لە ئێستادا بەهۆی خەراپیی دۆخی ئەمنی و ئاسایشی شاری کەرکووك منداڵەکانیان لە قوتابخانەکانی کەرکووکەوە دەگوازنەوە بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دواڕۆژی خوێندنی کوردی دەبێت. هەروەها لە لایەکی ترەوە بە هۆی نەبوونی دامەزراندن و میلاك بۆ قوتابیانی کورد، ماوەی چەند ساڵێکە خانەوادە کوردەکان ڕۆڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی، کە ئەمەش دیاردەیەکی ئێجگار خراپە و لە شارەکە بڵاو بووەتەوە».

**لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ئەمساڵ لە کۆلێژەکانی زانکۆی کەرکووک ڕێگری لە قوتابیانی خوێندنی کوردی کرا، کە وەڵامی تاقیکردنەوەکان بە زمانی کوردی بدەنەوە**

**کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە خوێندنی کوردی لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە یەکجاری نەمێنێت و هەڵبوەشێندرێتەوە، کە ئەمەش بە هەزاران قوتابی لە خوێندن بێبەش دەکات**

**گوشارەکان وای کردووە خانەوادە کوردەکان منداڵەکانیان بخەنەبەر خوێندنی عەرەبی و لە خوێندنی کوردی دووریان بخەنەوە، ئەمەش لە ئایندەدا کاریگەری نەرێنی و خەراپی لەسەر خوێندنی کوردی دەبێت**

**بە هۆی پێشێلکردنی مافی خوێندنی کوردی و دۆخی داگیرکاری شاری کەرکووک، تا دێت ڕەوشی خوێندنی کوردی بە بارێکی ئێجگار دژوار تێپەڕ دەبێت**

## لە مەرگەساتی ئەنفالدا

# ئافرەتان هەم قوربانی و هەم خاوەنی قوربانی بوون



سەرەتا د. مەیادە نەجارِ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بە یادی مەرگەساتی ئەنفال دەڵێت: «کاتێك ئێمە یادی کارەساتی ئەنفال دەکەینەوە، دەمانەوێت شرۆڤەیەك بۆ کارەساتێکی جەرگبڕ و تاوانێکی نامرۆڤانەی لەو شێوەیە بکەین، پێویستە سەرەتا رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو پرۆسەیە باس بکەین، کە ئایا ئەو تاوانە چ رەهەندگەلێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، بەتایبەتی ئافرەتان کە دوو جار بوونە قوربانی، جارێك وەك هەموو تاکێکی کۆمەڵگە و جارێك وەك ئافرەت. لە کاتێکدا نزیکەی نیو سەدە بە سەر تاوانی دژی مرۆڤایەتیی «ئەنفال»ـی بەدناودا تێدەپەڕێت، بەداخەوە وڵاتانی جیهان تەنیا تەماشاکەرێکی ئاسایی بوون بۆ ئەم تاوانە پڕکارەساتبارە و هەتا ئەمڕۆش هیچ جۆرە هەنگاوێکی جددییان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی کەسوکاری ئەنفال و بەتایبەتی ئافرەتانیان نەناوە. ئەو ئافرەتانە لە ساڵی ١٩٨٣ کە یەکەم پرۆسەی ئەنفالی بەدناو ئەنجام درا، تاوەکو ئەمڕۆش لەناو خێزانەکانیاندا هەم دایك و هەم باوك بوون بۆ منداڵەکانیان، ئەو ئافرەتانە لە دەرەوەی ماڵ وەکو پیاو کاریان کردووە

**تەعریب و راگواستن و ئەنفال و کیمیاباران، گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتین کە رژێمی بەعسی عێراق بە دەرندانەترین شێوە لە دژی کوردستانییان پیادەی کردووە. لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ئافرەتان هەم بوونە قوربانی و هەم خاوەنی قوربانی بوون، ئێستا ئەوان هەزاران چیرۆکی ناخهەژێنیان لەناخدایە. هەریەکەو خاوەنی چیرۆکی خۆیەتی، کە بریتین لە سەردەمی رۆژانی تاڵی ژیانیان لە زیندانەکانی سەماوە و نوگرەسەلمان و تۆپزاوە، ئەو چیرۆکانەش پڕن لە ئازار و برسێتی و تینوویەتی و دەستدرێژیکردن بۆ سەر جەستە و دیمەنەکانی دابڕانی دایك و باوك لە منداڵەکانیان و براو خوشك و هاوسەرەکان لە یەکتری و جیاکردنەوەیان، وێڕای شەرمکردن و شاردنەوەی دەیان جۆری توندوتیژیی قێزەوەنی بەعسییەکان بەرامبەریان، لە ساڵهاتی ئەو تاوان و قوربانیدانەدا ژمارەیەك کەسایەتیی کوردمان سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی ئافرەتانی ئەنفال دواندووە، کە بەمجۆرە راو سەرنجی خۆیان بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



و بژێوی ژیانی رۆژانەی منداڵەکانیان پەیدا کردووە، سەرباری هەموو ناخۆشییەکان و شەکەتی جەستەیی ئەشکەنجەی دەروونیشیان هەبووە، چونکە منداڵەکانیان لە ماڵەوە بە تەنیا بەجێهێشتووە، سەرباری زوڵم و زۆری بەعسییە دڕندەکان دژ بە ئافرەتە قارەمانەکان، بەڵام ئەو شێرەژنانەی قوربانیی ئەنفال رۆژێك لە رۆژان تەسلیمی نائومێدی نەبوون، بەڵکو بەردەوام بوون لە ژیانکردنی سەربەرزانە و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، کە خۆشبەختانە زۆربەی منداڵانی ئەنفال و منداڵانی ئەو دایکە خەباتکارانە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی بەرزن. ئەو ئافرەتانە شایەنی گەورەترین و پیرۆزترین رێزن لەسەر ئاستی جیهان».

د. مەیادە نەجارِ جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتان لە پرۆسەی ئەنفالدا گەورەترین قوربانییان پێشکەش کردووە، جگە لەوەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون و بەشێکیان گیانیان لەدەستداوە، بەشەکەی دیکەشیان کە ماونەتەوە لە یەك کاتدا هەم بوونە قوربانیی لە دەستدانی سەرپەرشتیاری خێزان و هەم بوونە قوربانیی پەیداکردنی بژێوی خێزانەکانیان، جگە لەوەی کە هەمیشە چاوەڕوان و چاو لە رێگەی گەڕانەوەی

خۆشەویست و ئازیزانیان بوون.» گوتیشی: «بە ڕاستی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال نموونەی شێرەژنن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوان هیچییان لە (جان دارك)ی فەرەنسییەکان کەمتر نییە کە سەرانسەری مێژووی ئەوروپا شانازی پێوە دەکات، ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال جێگەی شانازین بۆ هەموو تاکێکی کورد و شایەنی ئەوەن گەورەترین ڕێزیان لێ بگیرێت و گەورەترین خزمەت بکرێن، لەکاتێکدا بەداخەوە تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال نەناوە، هەرچەندە تا ڕادەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوشی ژیانیانی بۆ مسۆگەر کردوون، بەڵام برینی ئەنفال تەنیا بە تێپەڕینی ڕۆژ و ساڵ و دابینکردنی خزمەتگوزاریی ماددی سارێژ نابێت، بەڵکوو کارێکە زۆر هەنگاوی لەوە زیاتری دەوێت و هێندە ئاسان نییە بتوانرێت قەرەبووی تەمەنێك لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی منداڵ و خێزان و چاوەڕوانی بۆ گەڕانەوەی ئازیزانیان بکرێت».

عارف ڕوشدی ڕاوێژکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی ئافرەتان لە مەرگەساتی ئەنفالدا پشکی شێریان بەرکەوتووە، بەمجۆرە هاتەئاخافتن: «بێگومان بەشی هەرە زۆری شەهیدانی ئەنفال ئافرەت بوون، ئەوانەشی زیندوو مانەوە قوربانی بوون و بارهەڵگری ئەزیەت و نەهامەتییەکانی دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفالیش بوون.ئەوانەی ڕزگاریان بوو، ئەرکی ڕاپەڕاندنی خواستی ژیانی منداڵەکانیان گرتۆتەئەستو، لەوانەشە بەشێکیان ئەرکی بەخێوکردنی کەسوکاری هاوسەرەکانیشیان لەئەستۆ گرتبێت، سەرەڕای ئەمەش، بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانە لە تەمەنی گەنجیدا بوون، بە هۆی بێسوراغبوون و ئەگەری مان و نەمانی هاوسەریان نەیانتوانیوە بیر لە ژیانێکی دیکە بکەنەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی زۆربەیان تووشی نەخوشیی دەروونی بوون، بۆیە لە نەهامەتییەکانی گەلەکەماندا بەشی شێر بەر ئافرەتە سەرفرازەکانی ئێمە کەوتووە».

ڕۆشنا محەمەد ئەمین، مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە جینۆساید و وەك پسپۆڕێکی بواری جینۆساید سەبارەت بە تاوانەکانی ئەنفال دەڵێت: «لە جینۆسایدی گەلی کورد، نەك تەنیا ژن، بەڵکو پیاو و پیر و گەنج و منداڵیش بوونە قوربانی، بەڵام ژنان بۆ مەینەتیی ژیان ماونەتەوە و وەکو قوربانیی یەکەم هەژمار دەکرێن. بەداخەوە پیاوان ژمارەیەکی زۆر کەمیان مانەوە، ئەوەی مایەوە ژن و منداڵ بوون، تەنانەت لەکاتی شۆڕشەکانی کوردیش کاتێك پێشمەرگەکان پەنا و پاساریان گوندەکان بوون، لەو کاتەدا ژنان خزمەتی زۆری پێشمەرگەیان کردووە، ئەگەر باس لە ئێش و ئازاری ژنانی کەسوکاری ئەنفالکراوان بکەین، بەپێی بەدواداچوونەکانم لەسەر بارودۆخی ژنانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی جینۆسایدی کورد، من سێ چەمك بە هەند وەردەگرم، لەوانە: زەرەر و زیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەندروستی. بۆ نموونە: پەرتەوازەیی خێزان کە دایك لە منداڵەکانی و هاوسەری جیاکرانەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکان ئەو ژنە بەتەنیا دەمێنێتەوە، لەدوای گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەهەمان شێوە دەستبەسەر بوون و نەیانتوانی خێزانەکان یەك بگرنەوە، سەرباری ئەوەی بە هەموو شێوەیەك سووکایەتییان پێ دەکرا، تەنانەت لەدوای ڕاپەڕینیش پەراوێز خران، ئەوەش خاڵێکی ڕەشە لە مێژووی گەلی کورد. ئەو ژنانە بۆ پەیداکردنی بژیوی خۆیان و منداڵەکانیان دەستیاندایە کاری قورس کە وەکو ئافرەت لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتییان نەدەگونجا، بۆیە دەموچاوی خۆیان دەپێچا و کرێکارییان دەکرد، یان لە کێڵگەکان کاری زۆریان بەپارەیەکی زۆر کەم دەکرد، بۆ نموونە یەك کیلۆ گەنمیان لە بری کارەکەیان وەردەگرت. بۆ ماوەی ١٤ ساڵ مووچەیان نەبوو، تەنیا پشتیان بە داهاتی کارەکانیان دەبەست، ئەوان بوونە هەژارترین چینی کۆمەڵگە، ئەو مووچەیەش کە ئەمڕۆ وەریدەگرن، هەرچەندە کەمە، بەڵام جێگەی دەستخۆشییە، ئەگەرچی هەموو سامانی دنیا قەرەبووی ناخۆشییەکانی ئەوان ناکاتەوە، پێویستە ئاوڕی جددی لە ژنانی قوربانیی ئەنفال بدرێتەوە، ئەوەندە بەس نییە لە ساڵیادی ئەنفالدا ڕاگەیاندنەکان تەنیا چیرۆکەکانیان پێ بگێڕنەوە، چونکە لەوەتەی کورد بوونی هەیە، ئێمەی ژنان بە بێ ویستی خۆمان بووینەتە قوربانی. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی هەندێك نەریتی ڕێگر لە دووبارە هاوسەرگیریکردنەوەیان، تا ساڵی ١٩٩٧ لەو مافەش بێبەش بوون، ئەویش بە هەوڵی ڕێکخراوەکانی مەدەنی بوو کە توانرا ئەو (تەحریم)ە لە سەریان هەڵبگیرێت، چونکە هەندێك لەو ئافرەتانە زۆر گەنج بوون، گەورەترین زەرەری جەستەیی و دەروونی بەر ئەوان کەوت، چونکە ئافرەت پێویستی بە گرنگیپێدانە، بۆیە زۆربەیان تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون و ئەوەش لە تەمەنی گەورەیی و بەساڵاچووندا زیاتر لێیان بەدەرکەوت. لەلایەکی دیکەوە هەمیشە لە دڵی خۆیاندا لە شەڕی ئەوەدا بوون، بۆچی خۆشەویستانمان ڕۆیشتن و ئێمە ماینەوە، بەوەش خۆیان بە تاوانبار دەزانی».

پارێزەر ئامینە مەحموود، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «میللەتی کورد بە

**نزیکەی نیو سەدە بە سەر تاوانی دژی مرۆڤایەتیی «ئەنفال»ی بەدناودا تێدەپەڕێت، بەڵام وڵاتانی جیهان تەنیا تەماشاکەرێکی ئاسایی بوون بۆ ئەم تاوانە پڕکارەساتبارە و هیچ جۆرە هەنگاوێکی جددییان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان نەناوە**

**سەرباری زوڵم و زۆری بەعسییە دڕندەکان دژ بە ئافرەتە قارەمانەکان، بەڵام ئەو شێرەژنانەی قوربانیی ئەنفال ڕۆژێک لە ڕۆژان تەسلیمی نائومێدی نەبوون، بەڵکو بەردەوام بوون لە ژیانکردنی سەربەرزانە و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان**

**لە یەک کاتدا هەم بوونە قوربانیی لە دەستدانی سەرپەرشتیاری خێزان و هەم بوونە قوربانیی پەیداکردنی بژێوی خێزانەکانیان، جگە لەوەی کە هەمیشە چاوەڕوان و چاو لە ڕێگەی گەڕانەوەی خۆشەویست و ئازیزانیان بوون**

**ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال نموونەی شێرەژنن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوان هیچییان لە (جان دارک)ی فەرەنسییەکان کەمتر نییە کە سەرانسەری مێژووی ئەوروپا شانازی پێوە دەکات**

پیلانی دوژمنانی ناچار بە شەڕی نەتەوەیی و ئایینی کراوە، لە تێکڕای شەڕەکانیشدا ئافرەت قوربانی یەکەم بووە، چ وەك دایکێك کە رۆڵەکانی کوژراون، چ وەك خوشکێك کە برا و پشت و پەنای لە دەست داوە، چ وەك هاوسەرێك کە هاوژینەکەی لە دەست داوە و منداڵەکانی بێ باوك و بێ ناز کراون. ژنی کورد ئەزموونی هەموو توندوتیژییەکی هەیە، هەر لە توندتیژی خێزانی و رەگەزی و نەتەوەییەوە تا دەگاتە توندوتیژیی ئایینی و یاسایی و کۆمەڵایەتی. ژنان لە تاوانە بەدناوەکەی ئەنفال پشکی شێریان بەرکەوت، لە دەستگیرکردنیان و زیندانیکردنیان لە زیندانەکانی تۆپزاوە و نوگرەسەلمان و سەماوە، تا زیندەبەچاڵکردنی منداڵ و ئازیزانیان بە بەرچاویانەوە و دەستدەرێژی بۆ سەر نامووس و برسیکردنیان، لەپاش پرۆسەی تاوانی ئەنفال، ژن بووە سەرۆکی خێزان و لە خاڵی سفرەوە دەستیان بە ژیانکردن کردەوە، ئەوان ناچاربوون کە شان بدەنە بەر کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بەمەش ژنانی کەسوکاری ئەنفال دوو رۆڵیان دەبینی، هەم رۆڵی دایك و هەم رۆڵی باوك بۆ منداڵەکانیان. ئەوان بە رۆژ بەدوای کارەوە بوون و بە شەویش وەك کابانی ماڵ و ئەرکی دایکایەتی منداڵەکانیان لەئامێز دەگرت، سەرەڕای چاوی کۆمەڵگە و تێڕوانینی نێرسالارییانە و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وەك (بێوەژن). ئەو ژنانە لە دژوارترین شێوەو بێڕەحمانەترین قسەوقسەڵۆکی کۆمەڵگەدا دەرێژەیان بە ژیان دا، بۆیە زۆربەیان تاکو ئێستاش بەدەست ئازارەکانیانەوە دەناڵێنن. هەندێك لە کچەکانمان بە وڵاتانی عەرەبی فرۆشران، بە مەبەستی خزمەتکاری، یان کاری بەدڕەوشتی، هەندێکیشیان لە پیاوانی دوژمن مارە کران، تەنیا بۆ شکاندنی شکۆ و کەرامەتیان بەهۆی کوردبوونیانەوە.»

د. نادیە تەلعەت سەعید، مامۆستایە لە کولیژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین و یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە بەردەوام پێداگریی لە سەر ئیدانەکردنی جینۆساید و تاوانی بەدناوی ئەنفال کردووە و سەبارەت بە ئافرەتانی ئەنفالیش دەڵێت: «ئافرەتی کورد ئەو مەخلووقەی خوای گەورەیە کە پێناسەیەکی مەزنی هەیە، لەبەر ئەوەی دایکی رۆڵەکانی تێکۆشەری کورد و هاوسەری جوامێرانی خەباتکاری کورد و کچی پیاوە سەربەرزەکانی کوردن، ئەوەندەشیان نەهامەتی بینیوە، بە هیچ شتێك پاداشت ناکرێنەوە. بۆیە کاتێك باسی ئافرەتی کورد و پروسەی بەدناوی ئەنفال دەکەین، هەموو پێنووسەکانی جیهان ناتوانن تابلۆی ماندووبوون و ئازار و نەهامەتییەکانیان وێنا بکەن. ئەو دەستانەی کە لە پێناوی پەروەردە و پێگەیاندنی رۆڵەکانیان چرچ بوون، ئەو چاوانەی کە تا ئێستاش چاوەڕوانیی ئازیزانیان لە فرمێسکی پڕ کردوون، ژمارەیان زۆرە و ئازارەکانیان لە کۆتایی نایەت. ئەوان پشکی شێریان بەرکەوتووە لە قوربانیبوون و قوربانیدان، جا لە رووی دەروونی بێت، یان جەستەیی، یان ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەوان هەر یەکیان بە جۆرك جەرگ سووتاون و هەڵگری برینێکی قووڵی ساڕێژنەکراون. کاتێ سەرپەرشتی خێزانیان لەدەست داوە، کاتێ منداڵیان بە ناچاری وازی لە خوێندن هێناوە، کاتێ کاری قورس و هاوشانی پیاویان بە نرخی زۆر کەمتر کردووە، هەزار جار رووخاون، بەڵام کۆڵیان نەداوە و کاریان کردووە و منداڵیان ناردووەتەوە بەرخوێندن و هەمیشەش نزاو پاڕانەویان لە خوای گەورە شادبوونەوە بە ئازیزانیان بووە. بۆیە قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو ئازارە کارێکی ئاسان نییە.»

لە کۆتاییدا پێویستە ئاوڕێك لەو ئامار و داتایانە بدەینەوە: لە هەرێمی کوردستان لە کۆی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو تەنیا روفاتی ٢٥٠٠ ئەنفالکراو لە بیابانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هێنراونەتەوە، ئەوەش لە مۆنۆمێنتەکانی تایبەت بە ئەنفال بەخاك سپێردراون. کەسوکاری ئەنفالەکان، بەشێکیان تا رووخانی حوکمی بەعس لە ٢٠٠٣دا ئومێدی ئەوەیان هەبوو، رۆڵە بێسەروشوێنەکانیان لە ژیاندا مابن و بگەڕێنەوە، بەڵام لەوەدا بێ هیوا بوون.

پرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە (٦) ناوچەی جوگرافی باشووری کوردستان و بە (٨) قۆناغ ئەنجام دران، سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ کۆتایی هات، ئەم شاڵاوە بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی (٤٠٠٠) گوند و(٤) قەزا، (٣٠) ناحیە و (٣١٠٠) مزگەوت و (١٠٠) کڵێسا، لە رووی ئاژەڵدارییەوە بووە هۆی بەتاڵانبردنی دوو ملیۆن سەر مەڕوماڵات و ئاژەڵ و زیانی زۆری مرۆیی و ژینگەییشی لێکەوتەوە.

قۆناغەکانی شاڵاوی جینۆسایدکردن- ئەنفال

١٩٨٨/٢/٢١ تا ١٩٨٨/٣/١٨: یەکەم قۆناغ کە لە دۆڵی جافایەتی دەستیپێکرد.

١٩٨٨/٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٣/١٤: قۆناغی دووەم کە لە ناوچەی قەرەداغ دەستیپێکرد.

١٩٨٨/٣/٣١ تا ١٩٨٨/٤/١٤: قۆناغی سێیەم کە لە گەرمیان دەستیپێکرد.

١٩٨٨/٤/٢٠ تا ١٩٨٨/٤/١٨: قۆناغی چوارەم کە لە ناوچەی گۆپتەپە، عەسکەر، شوان، قەڵاچوغە، دەشتی کۆیەی دەستیپێکرد

١٩٨٨/٥/٢٤ تا ١٩٨٨/٨/٣١: قۆناغی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم کە ناوچەکانی شەقڵاوە و رواندزی گرتەوە.

١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٩/٦: کە ناوچەکانی بادینانی گرتەوە.

**ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال جێگەی شانازین بۆ هەموو تاکێکی کورد و شایەنی ئەوەن گەورەترین رێزیان لێ بگیرێت و گەورەترین خزمەت بکرێن، بەداخەوە تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال نەناوە**

**بێگومان بەشی هەرە زۆری شەهیدانی ئەنفال ئافرەت بوون، ئەوانەشی زیندوو مانەوە قوربانی بوون و بارهەڵگری ئەزیەت و نەهامەتییەکانی دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفالیش بوون**

**بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانە لە تەمەنی گەنجیدا بوون، بە هۆی بێسوراغبوون و ئەگەری مان و نەمانی هاوسەریان نەیانتوانیوە بیر لە ژیانێکی دیکە بکەنەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی زۆربەیان تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون**

**بۆ ماوەی ١٤ ساڵ مووچەیان نەبوو، تەنیا پشتیان بە داهاتی کارەکانیان دەبەست، ئەوان بوونە هەژارترین چینی کۆمەڵگە، ئەو مووچەیەش کە ئەمڕۆ وەریدەگرن، هەرچەندە کەمە، بەڵام جێگەی دەستخۆشییە**



### سروە جەباری
### سەرپەرشتیاری گرووپی کاری دەستیی بەهرەمەندان بۆ گوڵان:

# ئامانجم ئەوەیە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەوانەی بەهرەمەندن کار بکەن و خاوەنی داهاتی خۆیان بن

**سروە جەباری، تووشبووی تالاسیمیا و بەرپرسی راگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای هەولێرە و گرووپێکی کاری دەستیی بۆ بەهرەدارانی تووشبووی تالاسیمیا و خاوەن پێداویستیی تایبەت پێکهێناوە و هەر خۆیش سەرپەرشتیی گرووپەکە دەکات. لە ئاخافتنێکیشیدا بۆگوڵان باسی کار و چالاکییەکانی گرووپەکەیان دەکات و بەمجۆرە ئامانجەکانی گرووپەکەیان دەخاتەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سروە عەلی جەباری، لە ساڵی ٢٠١٨ گرووپێکی کاری دەستیی بۆ بەهرەدارانی تووشبووی تالاسیمیا و خاوەن پێداویستیی تایبەت پێکهێناوە و یەکەم پیشانگەیان لە ٢٦ / ٤ / ٢٠١٨ کردووەتەوە. وەك باسیکرد، خۆی سەرپەرشتیی ئەو پێشانگایانە دەکات و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئامانجم ئەوەیە خاوەن پێداویستییەکان و ئەوانەی بەهرەمەندن کار بکەن و خاوەنی داهاتی خۆیان بن. واتە هەم کارەکانیان نمایش بکەن، هەم بیفرۆشن و ببێتە داهاتێك بۆیان و ئەوەش وادەکات ئەو گەنجانەی بێکارن و پیشەی کاری دەستی دەزانن، برەو بە کارە دەستییەکانیان بدەن. کارەکانیشمان سەرەتا تەنیا لە بۆنە نیشتمانییەکان نمایش دەکرد، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی رۆژانی پێنج شەممە و هەینییەکان کارەکانمان نمایش دەکەین.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن بوو ئەو بیرۆکەیەی لە لا دروست بووە؟ دەڵێت: «مووچەی خاوەن پێداویستیی تایبەت تەنیا ١٥٠ هەزار دینارە، واتە شتێکی رەمزییە و بەشی بژیوییان ناکات. بۆیە پێویستە کار بکەن و توانای خۆیان بەکاربێنن، ئەوا دەتوانن بەرهەمیان هەبێت، کارکردنیش وەك بەرهەمی کاری دەستی کەم تا زۆر لە هەردوو رووەوە واتە هەم ماددی هەم مەعنەوی سوودی بۆیان هەیە. هەروەها فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان هاندانێکە بۆ باشبوونی باری ئابوورییان، لە رووی مەعنەوییش تێکەڵ دەبن لەگەڵ کۆمەڵگە و چەند کاتێکی خۆش پێکەوە

بەڕێ دەکەن.» گوتیشی: «گرووپی کاری دەستیی بەهرەمەندان بۆ هەردوو رەگەزە، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی بەشداربووان کچان و ژنانن.»

سروە عەلی لە بارەی جۆری بەرهەم و ژمارەی پیشانگەکانیان دەڵێت: «تا ئێستا زیاتر لە ١٢ پیشانگامان کردۆتەوە، هەندێکی تایبەت بووە بە گرووپی خۆمان و هەندێکیشیان لەگەڵ گرووپی دیکە بە هاوبەشی کراوەتەوە، ئەو کارە دەستییانەش کە تیایەتی، هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرە، ئامانج لەوەدایە لە هەرشوێنێك بین، سیمایەکی جوان ببەخشین بەو شوێنە کە لە ئێستادا زیاتر پیشانگە و بازاڕی هاوبەشی دەکەینەوە و لەگەڵ گرووپەکانی دی تێکەڵ دەبین.» گوتیشی: «تووشبوانی تالاسیمیا و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان شان بەشانی کەسانی ئاسایی لە بواری کاری دەستیی کارە دەکەن و بەرهەمی زۆر جوانیان هەیە. بەوەش جگە لەوەی تێکەڵ بە کاری گرووپی دەبن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، دەبنە خاوەن داهات و تا رادەیەك باری گوزەرانیان سووك دەکات. هیواداریشم زیاتر دەرگای هەلی کار بکرێتەوە بە رووی گرووپەکەماندا بۆ ئەوەی کارە دەستییەکانی خۆمان نمایش بکەین لە شوێنە گشتیەکان و ببێتە بەشێك لە داهات بۆ بەهرەمەندەکان. بە پشتیوانی خوای گەورەش بەردەوام دەبین و هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنین و ئایندەیەکی گەشتر بۆ ئەو بەهرەمەندانە دەخوازم .» لە بارەی ژمارەی گرووپەکەشیان گوتی: «لە ئێستادا نزیکەی ٢٠ کەسی تووشبووی تالاسیمیا و خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبن، وردە وردە وا زیاد دەبن، منیش وەك سەرپەرشتیاری گرووپ هەموو کارە ئیدارییەکانیان بۆ رێکدەخەم، ئەوان تەنیا بۆ نمایش و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دێن، تا ئێستاش مێز بۆ تووشبوانی تالاسیمیا و خاون پێداویستییەکان بە خۆڕایی دادەنێم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چ کەس و لایەنێك پشتیوانتان بووە، یان کارئاسانی بۆ کردوون؟ گوتی «هەر یەك لە بەڕێزان کاك تاهیر جێگری پاریزگای هەولێر، کاك عەبدولواحید بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان، کاك رێبین لە ئەندازەی پارکەکان، کاك سامان بەڕێوەبەری سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، کاك یەعقووب بەڕێوەبەری پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان، کاك رەحمان لە ئیدارەی پارکی گەورە و کاك هاوکار بەڕێوەبەری گەلەری شانەدەر زۆر ئاسانکارییان بۆ کردووین و سوپاسیان دەکەم. هەروەها سوپاسی ئیدارەی ماجدی مۆڵ و مێگا مۆڵ دەکەم کە هاوکاربوون بۆ دابینکردنی شوێن و سوپاسی مانگی سووری عێراقی دەکەم کە لە پیشانگای ١٥و١٦و١٧ ی ئاب هاوکارم بوون بۆ دابینکردنی بەشە ئازووقە، وەك پاڵپشتێك بۆ ئەم بەهرەمەندانە و سوپاسی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان دەکەم کە هەمیشە ئامادەییان هەیە لەگەڵمان و هەروەها سوپاسی گوڵان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.» وەك دواوتەشی گوتی: «لە کۆتاییدا هیوادارم لە ئایندەی نزیکدا هاوشێوەی هەولێر، بتوانین لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێشانگە بکەینەوە و لە نزیکەوە بەهرەو توانای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان نیشان بدەین.»

**مووچەی خاوەن پێداویستیی تایبەت تەنیا ١٥٠ هەزار دینارە، واتە شتێکی رەمزییە و بەشی بژێوییان ناکات. بۆیە پێویستە کار بکەن و توانای خۆیان بەکاربێنن**

**هیوادارم لە ئایندەی نزیکدا هاوشێوەی هەولێر، بتوانین لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێشانگە بکەینەوە و لە نزیکەوە بەهرەو توانای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان نیشان بدەین**

**هەموو کارە ئیدارییەکانیان بۆ رێکدەخەم، ئەوان تەنیا بۆ نمایش و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دێن، تا ئێستاش مێز بۆ تووشبوانی تالاسیمیا و خاون پێداویستییەکان بە خۆڕایی دادەنێم**

**تووشبوانی تالاسیمیا و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان شان بەشانی کەسانی ئاسایی لە بواری کاری دەستیی کارە دەکەن و بەرهەمی زۆر جوانیان هەیە**

